REWAN U
ڕێوان

هەفتەنامەیەکی ڕوناکبیری سەربەخۆیە
سەنتەری ڕاگەیاندن و ڕوناکبیری ژنان دوو هەفتە جارێ دەریدەکات

١٦ی حوزەیرانی ٢٠٠٧ ژمارە (١٥٠) ساڵی حەوتەم

An Independent Cultural Newspaper Published Twice a month by Women's Media and Education Center

هەفتەی رابردو لەشاری سلێمانی کچێکی خوێندکار لەلایەن چەند پاسەوانێکی بەرپرسێکی سەر بەیەکێك لەدو پارتە دەسەڵاتدارەکەی کوردستان لێیدەدرێت، لەبەر ئەوەی ئەو کچە کە بە بەردەمی پاسەوانەکانەوە رۆیشتوەو ئەوان تەعلیقیان لێداوە، وەڵامی داونەتەوەو قسەی پێوتونەتەوەو ئەوانیش لێیانداوە، کاتێك ئەو کچە دەچێتە بەردەم بەرپرسەکەو سکاڵای پاسەوانەکانی لەلا دەکات، بەرپرسەکە دەڵێت چی بوە خۆ نەیانکوشتویت.

# لە هەولێرو سلێمانی لە ساڵی ٢٠٠٧ هیچ کەسێک حوکم نەدراوە لەسەر تاوانی کوشتنی ژنان بەناوی شەرەفەوە

بە پێی ئەوئامارانەی رۆژنامەی رێوان بە دەستی خستوە

١-لەماوەی ٦ مانگی ٢٠٠٧ئەوەندی زانیاریمان دەست کەوتوە ٢٩ژن کوژراوە.

٢-لەماوەی ٦ مانگی ٢٠٠٧هیچ پیاوێك دەستگیر نەکراوە ئەوەش بەپیی ئامارەکانی زیندانی گرتن و گواستنەوەی شاری سلێمانی.

٣-لەساڵی ٢٠٠٦داتەنها ٦پیاو دەستگیر کراون بەتاوانی کوشتن بە ناوی شەرەفەوە .

٤-لەماوەی ئەم ساڵ ونیوەدا ئەو٦پیاوەی لەسەرەوە ئاماژەی پێدرا حوکم نەدراون.

### ڕاوێژکاری پەیمانگای عێراقی نێودەوڵەتی:

## لەبنەڕەتدا لەگەڵ واژووی وەلی ئەمر نین

تایبەت بەرێوان


لەلێدوانێکی تەلەفونی بۆ رێوان سوهەیلە حەسەن راوێژکاری یاسایی لە پەیمانگای عێراقی نێودەوڵەتی لەبەغداد رایگەیاند: ئەگەرچی لەبنەڕەتدا لەگەڵ بوونی واژوی وەلی ئەمر نین بۆ ژنان، بەڵام تاکو ئێستا هەنگاوێکی پراکتیکیمان نەناوە بۆ رەتکردنەوەی ئەو مەسەلەیە.

لە راگەیاندنەکەی رۆژی ٢٠٠٧/٦/١٤ راوێژکارەکەی پەیمانگای عێراقی ئاشکرای کرد کە ئەو رێنماییە کارێکی تاکە کەسییەو لەهەندێ شوێنو هەندێ کەس پەیڕەوی دەکەن، هەروەها وتی "بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵی رێکخستنی ئەو یاساو رێنماییە دەدەین، چونکە یاسایی عێراقی ژمارە ٣٢ ی ساڵی ١٩٩٩ سەفەرکردنی ژنی مەرجدار نەکردووە بەیاوەری مەحرەم.

راشیگەیاند کە لەبەر ئەوەی ژیانو چالاکیەکانی رێکخراوەکان لەبەغداد پاش نیوەڕۆ دەوەستێت، باری ئەمنی نالەبارە، بۆیە ئاگاداری ئەوە نیە تاچەند رێکخراوە مەدەنیەکانو ژنان لەگەڵ یاخود دژی بڕیارەکەن.

راوێژکاری پەیمانگای عێراقی نێودەوڵەتی ئاماژەی بەوەش کرد کە لیژنەیەکیان بەناوی لیژنەی (رصد الدیمقراگیە) رێکخستووە، بۆ هەموارکردنی چەند ماددەیەك لەدەستوری عێراقی کە تاکو ئێستا دوو ماددەیان لەپەرلەمانی عێراقی تاووتوێ کراوە.

## کچێک لە توالێتدا بەند دەکرێت



لە یەکێك لە ناوچەکانی گەرمیان، کچێکی ١٩ساڵ بەندکراوەو پەیامنێرانی رێوان سەردانی دەکەن.

پەرژین ئەوکچەیە کەباری دەروونی تێك چوە، پاش ئەوەی روداوی گیان لە دەست دانی براکەی بە تەقینەوەی مین دەبینێت، پاش سەردانی پەیامنێرانی رێوان بۆ لای ئەو کچە دەرکەوتوە کە پەرژین لە توالێتی ماڵەکەیاندا بەستراوەتەوەو بەند کراوە، باوکی پەرژین بە پەیامنێرانی رێوانی ووتوە "بۆیە بە زنجیر دەیبەستینەوە زەعیفەیەو دەچێتە دەرەوەو حەیامان ئەبات".

لە لاپەرە ٥دا راپۆرتێك لەو بارەیەوە دەخوێنیتەوە.

## ژنانی ئاکۆیان کەناڵە ئاسمانیەکان بەرپرس دەکەن



لەسەردانێکی مەیدانی ستافی رێوان بۆ دۆڵی ئاکۆیان، دەرکەوتووە کە خەتەنەکردنی کچان، ئەگەرچی کەم بۆتەوە، بەڵام بەردەوامە، لە مانگی ئازاری ئەمساڵیشدا ١٥ کچ خەتەنەکراون.

پورە فاتم دانیشتوی گوندی دۆڵەڕەقە وتی "کەس پێی نەوتوین ئەو کارە خراپەو تەلەفزیۆنەکانیش هەر باسی شارو شاریەکان دەکەن، وەك ئەوەی ئێمە خوا دروستی نەکردبین".

لە لاپەرە ٥دا رێپۆرتاژێك لەو بارەیەوە دەخوێنیتەوە.

### لە بەریتانیا

## لێکۆڵینەوە دەریخست (بەناز) لە لایەن باوکیەوە کوژراوە

کەناڵە جیهانیەکان رۆشنایی دەخەنە سەر کوشتنی کچێکی کورد لەبەریتانیا بەدەستی باوکی و پارچەپارچەکردنی تەرمەکەیو شاردنەوەی لەجانتایەکدا.

بەناز کچێکی کوردی دانیشتوی بەریتانیایەو ساڵی ٢٠٠٥ لەپەنجەرەی ماڵەکەیانەوە خۆی فرێدایە خوارەوەو گەیەنرایە نەخۆشخانە، لەنەخۆشخانە باسی لەوە کردووە کە باوکیو مامی دەیانەوێت بیکوژن، چونکە پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کوڕێکدا هەیە.

ئەو قسانەی بەناز لەو کاتەدا تۆمارکراوەو گرتەیەکی ڤیدیۆییەو لەزۆربەی کەناڵو سایتە جیهانیەکاندا هەیە.

ساڵی ٢٠٠٦ هەواڵی دۆزینەوەی تەرمی بەناز بڵاوبۆوە کە لەجانتایەکدا شاردرابۆوەو فڕێدرابوو، پاش لێکۆڵینەوە پۆلیس بۆی دەردەکەوێت کە بەناز لەلایەن باوکیەوە بەهاوکاری چەند مامێکیو کوژراوە.

کوشتنی بەناز بەو شێوەیە نارەزایی لەنێو رەوەندی کوردی لەبەریتانیا دروستکردووەو رەخنەی توندیش ئاراستەی دەزگاکانی پۆلیس دەکەن کە ئەو کاتەی بەناز لەنەخۆشخانە داوای یارمەتیو پاراستنی کردووە وتویەتی باوکمو مامم دەمکوژن، پۆلیس نەیانپاراستووە.

